# ڕاگەیاندنی ڕێخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە :
# خۆپیشاندانی ئەمڕۆی شاری کەرکوك دژ بە بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی

لەدرێژەی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان دژ بە بڕیاری حکومەتی تاڵەبانی– جەعفەری، سەبارەت بە بەرزکردنەوەی 3 بەرانبەری نرخی سوتەمەنی، ئەمڕۆ لەشاری کەرکوك لەگەرەکی شۆرجەی کوردنشین، ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتیانی ئەمشارە کۆبونەوەو خۆپیسشاندانیکی گەورەی جەماوەریان سازدا بە سەرپەرشتی دەستەی داکۆکی لە لە داخوازییەکانی خەڵکی کەرکوك. سەرەتای کۆبونەوەکە لە مەیدانی کرێکاران لە گەرەکی شۆرجە لە سەعات 2ی دوای نیوەڕۆ دەستپێکردو دواتر خۆپیشاندانە بەرەو بەنزیخانەی شۆرجە بەریکەوت، کە تا نوسینی ئەم ڕاگەیاندنە درێژەی هەیە.

ئازاد مەجید کادری حزبو ئەندامی دەستەکەو وتەبێژی کۆبونەوەو خۆپشاندانە، ڕایگەیاند کە خۆپیشاندانەکانی خەلکی شاری کەرکوك درێژەی دەبێت تاکو شکست بەم بڕیارە دژی ئینسانیەی حکومەت دەهێنن‌و هەروەها بانگەوازی ئیدارەو پاریزگاری شاری کەرکوکی کرد، کە ئەگەر لە گەڵ خواستەکانی خەڵکدان با بێن هاوشانی خەلك نارازی بن‌و ئەم بڕیارە لەکەرکوکدا ڕابگرن. شایانی باسە کە هیزەکانی پۆلیس کەوتنە ویزەی خەڵك‌و لەسەرەتاوە بەتەقەکردن بەسەر خەلکداو پاشان بە تەقەکردن بەنیو خەلکەکەدا ویستیان بلاوە بکەن بە جەماوەری نارازی‌و ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە خەلك بکەوێتە ویزەیان‌و شەقامەکان ببەستن بەهۆی سوتاندنی تایەو پاشان بە دارو بەردەوە پەلاماریان بدات‌و کە لە ئەنجامدا بۆە هۆی ڕاکردنی پۆلیسەکان، بەلاّم بەهۆی فەزای تەقەو فەوزایەك کە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش نایانەوە، خەلك بلاوبوبوەو بەم هۆیەوە توانیان چەنك کەسیك لە خۆپیشاندەران بگرن. ئەوەی لەم نیوەدا پیوستە جەختی بخریتە سەر ئەوەیە، کە سکرتیری کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی لە شۆرجە و ئەندامانی کۆمیتەکە لە نزیك خۆپیشاندەرانەوە وەستابون بۆ ساردکردنەوەی خەلك‌و بەشدارینەکردنیان لەم خۆپیشاندانەدا، بەلام هەموو هەوڵەکانیان پوچەل مایەوە.

بۆجاریکی تریش خەلکی کوردستان نیشانیان دایەوە، کە لەپیناو خواست‌و ویستەکانی خۆیاندا ئامادەنین بەهیچ بەهانەو بیانویەك بەلارێدا ببرێن‌و سورن لەسەر دریژە دان بەخەبات‌و نارەزایەتی خۆیان تا بەدیهێنانی خواستەکانیان. جەماوەری شاری کەرکوك، بەم هەنگاوەیان "نا" یەکی تریان نا بە "نا"کانی دژ بەم حکومەتە تائیفەیە قەومیەی سەرمایەوەو بڕیارە دژی ئینسانیەکانی کە مشەخۆرانە دەیانەوێت لەسەر سفرەی خاڵی کرێکاران‌و هەژارانی عیراق‌و کوردستان دەسەلاتی خۆیان دریژە پێبدەن‌و هەموو پروپاگەندە سواوەکانی خۆیان کە لەکاتی هەڵبژاردندا خەڵکیان پێ بیهۆش دەکرد، لە بیر بچێتەوە.

ڕیخراوی کوردستان، بەهەموو توانایەوە لە هەوڵی بەهیزکردن‌و ڕیخراوکردن‌و سەرتاسەریکردنەوەی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان دایە لە پێناو گەیشتن بە هەموو ئاوات‌و ئامانجەکانیان، لە شکست پیدانی ئەم بڕیارە حەقیرەی حکومەت‌و بەدەستهێنانی ئازادی بیقەدو شەرتی سیاسی‌و دەستەبەرکردنی مافە مەدەنی‌و فەردییەکانی خەلکی کوردستان. لەهەمان کاتدا داوای دەست بەجێ ئازادکردنی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە ئەمڕۆ لەم خۆپیشاندانەدا لەلایەن هیزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشەوە گیراون‌و ڕاپیچی زیندان کراون.

2005/12/29